# جێگەی نەفەرێکمان ماوە
# سەرکەوە
# دەگەڕێینەوە بۆ بوخارا...!

بۆ (نەزەند بەگیخانی) شاعیر

دلاوەر قەرەداغی

چەند باشە تۆ هەیت
کە مانگ و بەرد و با م دەدەیتە دەست
يارييان پێ بکەم
تێکیان بدەمەوە و شتی تریان لێدروستکەم
بیانکەمە
سێ ورچی سپی و سۆڵ
کە بە پێدەشتێکی سەوزدا خلۆر دەبنەوە
یان بیانکەمە سێ بەلەم
سێ ئەسپی تیژ
یاخۆ سێ زەلام کە لەبەر پەنجەرەیەکدا
وەک بڵێی مۆمیاکرابن
بێدەنگ .... بێجووڵە
لە خاڵێک ڕاماون
چەند خۆشە تۆ هەیت
کە بە ئاودانی ئینجانەکانەوە دەمخلافێنیت
یەک زستان ... بە پاکنووسکردنی پەلکێک ڕێواس،
بە بژارکردنی سینییەک
زەنگیانە لە زیخ
قەناعەتم پێدەکەیت
بەدیار پژانی فڕینی خاڵخاڵۆکەیەکەوە

تا پیر دەبم
دەمکەیتە پاسەوان
لەبەر ڕووناکیی تەڵێک گیادا
ئیملام پێدەکەیت
وەک بولبوول
جەدۆلی ئاوودۆم پێ ئەزبەر دەکەیت
فەسڵەکانی شکستم
لێدەپرسیتەوە
دەفتەرێکی شەست لاپەڕەییم
پێ ڕەش دەکەیتەوە لە باران
بە شۆفڵەکەی منالّیی
تونێلێکم پێ لێدەدەیت بە ڕستەدا
بەرەو ئەوسەری کۆتایی دێڕ
بۆ نێوجەرگەی تەسویر
بۆ ئەودیوی فاریزە و خالّ و کەوانە و
نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان
تا بەر دەرگای تەفسیر
چەند باشە تۆ هەیت
وەک هەبوونی کەسێک کە بەیانییەک زوو
بە جامێک ماست و دوو نانی گەرمەوە
بە کۆڵاندا تێدەپەڕێ و
ئیدی ئاو دەزێتە زاری ژیان و
بۆنی خودا
ئەو ناوە دەتەنێ،
وەک ئەوەی خەو ببینم

تا دوور دوور دەکەویتەوە ... تا لە بەیانییدا
دیار نامێنێ
لەبەرخۆیەوە قسان دەکا و
دڵی خۆی دەداتەوە و
ستران دەچڕێ
چەند خۆشە تۆ هەیت
کە هەر جارە و جانتایەکت پێیە
هەر جارە و لە پشتی پیکابێکدا
سەفەر دەکەیت
هەر جارە و لە بەلەمێک دادەبەزیت
هەر جارە و لای عارەبانەیەکی گەنج
بەهێ دەکرێت
چەند باشە تۆ هەیت
کە هەر ڕۆژە و شتێک لەبەر دەکەیت
ڕۆژێک جبەی ئەستووری ئیمان
ڕۆژێک هیچ
ڕۆژێکی تر
کراسێکی سووری شیلاویی بە باران
چەند خۆشە تۆ هەیت
کە ئیدی مرۆڤ
هەست ناکا
هێند دڵڕەقانە تەنیایە
هێند منالآنە لە ماڵەوە دوورە
مرۆڤ هەست ناکا
هێند بێ ویژدانانە

له مردنەوە نزیکە
هێند ئاڵوواڵا
مات و زویر و مەلوولە!

چەند باشە تۆ هەیت
کە هەر جارێک
سەفەر دەکەین
بۆ گەڕاژ لەگەڵمان دێیت و
تا لە چاوان ون دەبین
دەستمان بۆ ڕادەوەشێنیت و
بە زاری پڕ لە نوقڵەوە
ماچمان بۆ هەڵدەدەیت!

سوید
یونی 2007

* لە گۆڤاری ڕامان ەوە